| ٣٧٩ | مەر | مەر | مەرگ، مر، مردن، مرن، |
| ٣٨٠ | | مەرخش | مرخش، مرخێش، مرخێش مرخێش، دەمەقاڵە، |
| ٣٨١ | | مەزگه | مزگ، مژگ، مژی، مڵاژێ، مڵاز، مڵازگ، مڵاژ، مڵاژگ، مڵاژه، مڵاژی، مۆخ، مەلاژ، مەلاژگ، مەلاژه، مەزگ، مەژک، مەژگ، مەژو، مەژۆ، مەژی |
| ٣٨٢ | مەزین | مەزه | مەزن، |
| ٣٨٣ | مەزین | مەزەنت | مەزن، |
| ٣٨٤ | مەزین | مەزەنگھـ | مەزن، |
| ٣٨٥ | مەزین | مەزین | مەزن، |
| ٣٨٦ | مەزین | مەزێنه | مەزن، |
| ٣٨٧ | مەس | مەس | مەزن، |
| ٣٨٨ | مەسەن | مەسەن | مەزنایەتی، مەزنی، |
| ٣٨٩ | ماسی | ماسیا | ماسی |
| ٣٩٠ | مەسیۆ | مەسیۆ | ماسی |
| ٣٩١ | مەشیه | مەشیه | پیاو، نەمر، |
| ٣٩٢ | | مەن | ١- ماو، مەن، وسا، نەچی، ٢- ئەندێشه، ڕامان، فکر، فێر، فیکر، ڤرۆشه، گومان، گۆمان، گەمان، مەن، |
| ٣٩٣ | مانغ | مانغ | مانگ |
| ٣٩٤ | مانگھه | مانگھه | مانگ |
| ٣٩٥ | مانگھه | ماونگھـ | مانگ |
| ٣٩٦ | مانگھه | ماونگھه | مانگ |
| ٣٩٧ | | مانن | مان، مەنن، وسان، نەچین، |
| ٣٩٨ | مەهرکه | مەهرکه | مەرگ، مر، مردن، مرن، |
| ٣٩٩ | | موشتێ | مست، مستەکۆڵه، مشت، مشتەکۆڵه، مێشت، |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | مەئیسمەن | مێز | مێز، میز، گمێز، میس، |
| ٤٠١ | | مێژده | مزانی، مزگانا، مزگانی، مزگێن، مزگینی، مزگێنی، مزیانا، مزێانی، مژدانه، مژدانی، مژده، مژدیان، موژده، |
| ٤٠٢ | مینا | | من، منا، |
| ٤٠٣ | نامه | نامه | نام، ناو، |
| ٤٠٤ | | نامشته | ناڤدار، ناڤدێر، نامدار، نامەدار، نامی، نامییه، ناوبەدەرەوە، ناودار، ناودێر، ناوگیر، ناوی، نۆمدار، نێوبەدەرەوە، نێودار، |
| ٤٠٥ | نمانا | نمانا | ئەنوا، خانه، |
| ٤٠٦ | نوو | نوو | ئێستا، ئێستێ، نارا، نانکا، نکاین، نۆکا، نووکه، نوه، نوها، نوهۆ، نها، نەڤۆ، نەکای، نهۆ، نەوکه، نەوه ، نەها، نهه ، نەهه ، هەنووکه، |
| ٤٠٧ | | واته | با، بێ، ڤا، وا، هەوا، |
| ٤٠٨ | وەخەد | | بەخۆ |
| ٤٠٩ | وەراخا، | وەراخا، | بەرا، بەرخ، بەرخک، ڤەرک، وەر، وەرخ، وەرک، وەرکه، وەره، |
| ٤١٠ | وەرازا | وەرازا | بەراز، وەراز، |
| ٤١١ | | وەرده | گول، گوڵ، گولیک، وڵی، وڵێڤه، وڵێوه، وەرد(اورامی)، |
| ٤١٢ | | وەرک | تیکه، زەڕەورتکه، ورکه، |
| ٤١٣ | واس | | ویست، ویستن، ویسوو، خواست، خواستن، |
| ٤١٤ | | وەش | باش، خاس، خشکووک، خۆ، خۆش، خوو، خووب، خوەش، خوەشک، خۆی، وەش، |
| ٤١٥ | وەنت | وەنت | خاوەن، مەند، وەئەر، وەند، وەنده، |
| ٤١٦ | | وشتره | وشتر، هوشتر، هۆشتر، هەشتر، هێشتر، |
| ٤١٧ | | ویتی | ئاوا، ئەوتۆ، بەمجۆره، وتۆ، وەتۆ، وەوتۆ، |
| ٤١٨ | | ویرا | ویر، هزر، هژر، هوور، هویر، هویرا، |
| ٤١٩ | | هئه | هە، هەیە، هەیەتی، |
| ٤٢٠ | | هئو | خۆ، خۆش، خوو، خووب، هاوه، هۆ، هۆل، هوو، هۆول، |
| ٤٢١ | | هئوشینگه | ژینگەی خۆش، (ناوی هۆشەنگ له ئاڤێستادا) |
| ٤٢٢ | | هەئۆم | خۆم، خوەم، |
| ٤٢٣ | | هەئیم | هێمن، هێواش، هێۆر، هێۆڵ، هێۆن، |
| ٤٢٤ | | هەره | هەره، ئەوپەڕی، ...ترین، |
| ٤٢٥ | | هەره بێرێزەئیتی | کێوی ئەلبورز، بەرزایی ئەلبورز، هەره بەرززایەتی، بەرزترین بەرزایی، |
| ٤٢٦ | | هەرێثرا | خۆ راک، خواردن، خواردەمەنی، هەرده، هەردەنی، |
| ٤٢٧ | | هەزه | ئاز، ئاوزان، ئاوزیان، ئاوزین، هاز، هازی، هس، هەرەنگ، هەس، هێز، |
| ٤٢٨ | | هەزەنگره | هازار، هزار، هنزار، هۆزۆر، هەزار، هەنزار، |
| ٤٢٩ | | هەزەنگهه | ئاوان، ئاوانه، ئاونگ، هاڤن، هاوان، هاوِن، هاونگ، هۆد، هەڤان، هەوان، هەوانه، هەوەن، هەوەنگ، |
| ٤٣٠ | | هەزڤارنه | ئاوان، ئاوانه، ئاونگ، هاڤن، هاوان، هاوِن، هاونگ، هۆد، هەڤان، هەوان، هەوانه، هەوەن، هەوەنگ، |
| ٤٣١ | | هاڤەن | ئاوان، ئاوانه، ئاونگ، هاڤن، هاوان، هاوِن، هاونگ، هەڤان، هەوان، هەوانه، هەوەن، هەوەنگ، |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٢ | | هەڤەنە | ئاوان، ئاوانە، ئاونگ، هاڤن، هاوان، هاوَن، هاونگ، هۆد، هەڤان، هەوان، هەوانە، هەوەن، هەوەنگ، |
| ٤٣٣ | | هەکەت | هەر، هەرکە، (هاوکات)، دەست بەجێ، |
| ٤٣٤ | | هەکێرێت (هە+کێرێت) | یەک کەڕەت |
| ٤٣٥ | | هەمە | هامن، هاوین، هەموو، هەمە، هەمی، هەمیان، |
| ٤٣٦ | | هام - باوەینتی | هەموو بەیەکەوە، هەموو وێکڕا، |
| ٤٣٧ | | هام -بوو | بەیەکەوە، کۆبوونەوە، کۆمبوون، هەمووبوون، |
| ٤٣٨ | | هام رەئێثوایێتی | هاوڕیسوایەتی، هەمووڕیسوا، هەموو ڕیسوایەتی، |
| ٤٣٩ | | هاموو | هەموو، |
| ٤٤٠ | | هەنجەمەنە | ئەنجومەن، |
| ٤٤١ | | هەندامە | ئەنام، ئەندام، هەندام، |
| ٤٤٢ | | هاندانا | ئەندازە، هەندەسە، کوردی /سۆمەرییە و چۆتە ناو فارسی و عەرەبی |
| ٤٤٣ | | هەندوو | ئەناو، هەناو، هندوور، |
| ٤٤٤ | | هاو | ئەم، ئەو، |
| ٤٤٥ | | هەپتوئیرەنگە | دەورەێ هەفتوانە، کۆمەڵێک سروودی یارسانانە، هەفت نیشان بریتی کلەگەڕانی ڕوح بە حەوت ئاسماندا، |
| ٤٤٦ | | هەفتویرەنگە | دەورەێ هەفتوانە، کۆمەڵێک سروودی یارسانانە، هەفت نیشان بریتی کلەگەڕانی ڕوح بە حەوت ئاسماندا، |
| ٤٤٧ | | هڤەر | زخۆر، خوەر، هوەر، |
| ٤٤٨ | | هڤەرە | زخۆر، خوەر، هوەر، |
| ٤٤٩ | هەوەتە | | ئی خۆ، |
| ٤٥٠ | | هەئچەنگەهـ | ئیشک، وشک، ویسک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٤٥١ | | هەرە (هەرە بەرز) | ئەوپەڕی، ترین، هەرە، |
| ٤٥٢ | | هەشی | ئێش، هەژمە، هێش، |
| ٤٥٣ | | هەڤەرە | خۆر، خوەر، وەر، وێرە، هۆر، هوور، هوەر، هوێر، |
| ٤٥٤ | | هڤەر | خۆر، خوەر، وەر، وێرە، هۆر، هوور، هوەر، هوێر، |
| ٤٥٥ | | هودا | هوودە، بەکەڵک، |
| ٤٥٦ | هوور، ڕا | هوور، ڕا | خۆر، ڕۆ، ڕۆژ، |
| ٤٥٧ | | هوشکە | ئیشک، وشک، ویسک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٤٥٨ | | هۆرە | هەرە، ئەوپەڕی، ...ترین، |
| ٤٥٩ | | هۆرە بەرەزەئیتی | کێوی ئەلبورز، بەرزایی ئەلبورز، هەرە بەرززایەتی، بەرز ترین بەرزایی، جونکە ئەلبورز بە بەرزترین کێو ناسراوە |
| ٤٦٠ | | هووس | خا، خاس، خشکووک، خۆ، خۆش، خوو، خوەش، خوەشک، |
| ٤٦١ | | هووش | خا، خاس، خشکووک، خۆ، خۆش، خوو، خوەش، خوەشک، |
| ٤٦٢ | | هووش خوەفەن | خۆشخەو، خەوخۆش، |
| ٤٦٣ | | هەئۆ شیەنگهە (هەئۆ+شیەنگهە) | هووشەنگ، (هەئۆ=باش+شیەنگهە=ژینگە = ژینگەی باش) |
| ٤٦٤ | هێری | | هێری، خوری، |
| ٤٦٥ | | هی | ئا، ئێ، وایە، هی، هەیا، |
| ٤٦٦ | | هیزڤا | زمان، زوان، زوبان، |
| ٤٦٧ | | هێزڤارنە | ئاز، ئاوزان، ئاوزیان، ئاوزین، ورە، وزە، هاز، هازی، |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦٨ | | هیشارە | چاوەدێر، کشک، کێشک، هێشژک، |
| ٤٦٩ | | هێشکە | ئیشک، وشک، ویسک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٤٧٠ | | هێشکو | ئیشک، وشک، ویسک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٤٧١ | | یاتوو | جادو، یاتوو، |
| ٤٧٢ | | یەزەمیدە | داما، دۆما، زاڤا، زاما، زاوا، زوما، زەما، زەوا، |
| ٤٧٣ | | یوڤاشە (زەڕەن یوڤاشە = چەرخی زێرین) | چەواشە، چەرخان، خولخۆر، |

ئاریایی واتایەکی ئایینییە نەک ڕەگەزی و بەوکەسانە کوتراوە کە لەسەر ئولی مەزداپەرستی بوون. ئەگەر مادەکان لە کتێبە مێژووییە کۆنەکاندا بە ئاریایی ناوبراون هەر لەسەر ئەوبنەمایە بووە. زەردەشتییان نەک هەر بەخۆیان کوتووە ئاریایی(واتە نەجیب و شەریف) بەڵکوخۆیان بە (بەهدینان) واتە دینباشانیش ناوبردووە و ئەوە لە ناوی ناوچەی بادینانی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەرماوە. ناوی ئاریانای جوغرافیایەکەی سترابۆش هەر ئی سەردەمی پارتەکان یا کەمێک پێشتر بووە نەک ئی ئاوێستا. ئەو واتایە پاشان لەلایەن ئوڕووپاییەکان و بەتایبەتی ئاڵمانییەکانەوە بڕەوی پێدرا بۆئەوەی هەست و سۆزی هاوڕەگەزی لەنێوان خۆیان و بەشێکی زۆری دانیشتووانی ڕۆژهەڵات لە هیندەوە بگرە تا ئێران بۆلای خۆیان ڕاکێشن. ئالمان بەتایبەتی دەوری بەرچاوتری لە ئی هەموو وڵاتانی ئوڕووپایی لەو ساختەکارییانەدا هەبووە. لەکاتێکدا ڕەزاشا و ئاتاتورک هاوپەیمانی بوون، داوای لێ کردن بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بە یەک پارچەیی بمێنێتەوە، بیانکەنە وڵاتی یەک نەتەوەیی. ئاوا ئاتاتورک ناوی تورکیای لە پاشماوەی وڵاتی عوسمانی نا، کە بەساتوسەودا دەگەڵ هاوپەیمانانی دژی ئالمان کەوتبووە بەردەستی و کوتی هەموو خەڵکی وڵاتەکەی تورکن و لەتورک بەدەر کەس مافی هاونیشتیمانیی تێیدا نییە و ڕەزاشاش بەلاساکردنەوەی ناوبراوئەوهەڵەی قۆستەوە و بۆ حاشاکردن لە فرەگەلی بوونی وڵاتی پارس (پێرسیا Persia) و کردنی بەوناوە سازکراوەی ئێستای (ئێران). ئاوا بەرواڵەت سەلماندیان هەموو ئەوانەی لەژێر چەکمەیاندا دەناڵن تەنیا یەک نەتەوەن و تەنانەت جلکی ئوڕووپایی(کۆت و شەلوار)یشیان بەزۆری بەسەر خەڵکەکەیاندا سەپاند. موحەممەدڕەزای کوڕی ڕەزاشاش درێژەی بەوسیاسەتە دا و تەنانەت بەشێک لەدانیشتووانی دراوسێی وڵاتەکەیانیشی بەئێرانی ناوبرد و دەستەواژەی (هاونیشتمانییانی ئەودیوی سنوور)ی بۆ داتاشین. ئاوا زمانی فارسی کرایە زمانی ئێرانی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیان کردە زاراوە یا بن زاراوەیەک لەو زمانە (ئێرانییە) خەیاڵییە. محەممەد ڕەزاشا هەر بەوەندەش ڕانەوەستا و کۆنینەناسانی ئاڵمانی و جوولەکەشی بۆ دەست وەردان دە ئاسەوارە مێژووییەکان و گۆڕینی ناسنامە و تەنانەت وێنە و نەخشەیان بەکرێ گرتن. نموونەی هەرە بەرزی ئەو دەست تێوەردانە هەڵقەندنی وێنەی داریووش و ئاهوورامەزدای سەر سەری و ... لەسەر تاق وەسانە. بۆئاگاداریی زیاتر بڕواننە:

[http://www.uni-mainz.de/presse/75962.php](http://www.uni-mainz.de/presse/75962.php) و

[http://www.bbc.com/persian/science/2012/05/120515_l10_ashrafian_clarification.](http://www.bbc.com/persian/science/2012/05/120515_l10_ashrafian_clarification.) و

[/https://www.asriran.com/fa/news/208807](https://www.asriran.com/fa/news/208807/)

بەپێی ڕوانگەی دیاکۆنۆف(دیاکۆنۆف، تاریخ ماد، ل٧٣)، لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرە ئوڕووپاییەکانی مێژووی ماد(سەدەکانی١٩و٢٠) تاکلایەنە و لەسەربنەمای کارتێکردنی ئاریاکان لە مێژووی ئەو وڵاتە دواون. لەژێر کارتێکردنی ئەو ڕوانگەیە، وا دانراوە کە خەڵکانی ڕۆژهەڵات - بێجگە لە چەند هەڵبژاردەیەک - شیاوی گەشەکردنی سەربەخۆی مێژوویی نین. ئەوان لەسەر ئەوە دەڕۆیشتن کە گۆیا ئەو هیندو ئوڕووپاییانەی لە لکی هیندوئێرانی (ئاریایی) پێک هاتبوون، دەورێکی زۆر گەورەیان گێڕاوە و دانیشتووانی مادی خوارووش کە پێشتربیوونە هیندو ئوڕووپایی بەشی خۆیان لە فەرهەنگی وڵاتدا دانا.

دیاکۆنۆف لەسەر ئەو ڕوانگە دەمارگرژانەی ئوڕووپاییەکان، ڕاستدەکا و ئەوان هێشتاش هەر بەچاوی سووک چاولە گەلانی ڕۆژهەڵات دەکەن و پێیانوایە هەر ئەوانن کە دەتوانن پێشکەوتن بەرهەم بێنن و خەڵکی ئەوناوچانە بۆخۆیان دواکەوتوون و (بەپێی ڕوانگەی ئیستیعمار = ئاوەدان کردنەوە)، ئەوە ئەوانن کە بە داگیرکارییەکانیان گەشە بەناوچەکە دەدەن و دەرفەت و هەلی پێشکەوتن بەخەڵکەکە دەبەخشن. ئەوچەمکەیان بۆداگیرکردن و تاڵانی ئەو وڵاتانە کردە بیانوو و ئێستاش کە سەردەمی داگیرکردنی ڕاستەوخۆ نەماوە، بەشێوەی (ئیستیعماری نوێ )سامان و توانای وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەتاڵان دەبەن. ئەوان کە خۆیان بەنەتەوەی باڵادەست و پێشکەوتوو دەزانن و بەچاوی سووک دەڕواننە ئەوانەی لەخۆیان نین، دەبێ هاوڕەگەزێک لە خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە بۆخۆ داتاشن، تا هەست و سۆزیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و بەبیانووی یاریدەدانی ئەو (هاوڕەگەزەیان) بڕیاردەری سەرەکی بن لە چارەنووسی ناوچەکەدا. ئەوهاوڕەگەزەش بێگومان (ڕەگەزی ئاریایی)یە کە بە کەلک وەرگرتن لە هەست و سۆزی مێژوویی و گەورەکردنەوەی زیادە لەئەندازەی خوڵقاندوویانە.
بزانن پراشکی مێژوونووس لەسەر ئەو بابەتە چ دەڵێ" :هەرکە ...ئاریاکان لە سەرزەمینی ماد جێگر بوون، دانیشتووانی کۆنی ناوچەیان هەسداوە و ڕێبەرایەتیی سیاسی کەوتەدەستی پتەوو گەنجی ئاریایی...."
(دوشێن گیمن)یش دەڵێ: "لەوسەردەمەدا نیزیکەی هەزار ساڵ دەبوو کە خەڵکێکی ئوڕووپایی واتە هیتەکان (les Hittites) ئاسیای بچووکیان داگیر کردبوو، لەسایەی هیتییەکان و نووسراوەکانیاندا بوو کە ناوی گەلێکی دیکە بەناوی هووریان (les Hourrites) هات کە نە هیندوئوڕووپایی و نە سامی و نە ئیلامی و نە سۆمەری بوون و لە سەردەمێک لەمێژوودا کەوتبوونە ژێردەستەڵاتی چینێک لە مەزنانی ئاریایی و تەنانەت بەخێوکردنی ئەسپیشیان لێ فێربوون."!!؟

ئەو ڕوانگە تێکدەرانەی ئوڕووپاییەکان لەلایەن پان ئێرانیستەکانیشەوە بەپەلە قۆسترایەوە و هەمووناسامی و ناتورکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پێ کردە ئێرانی و زمانەکەشیان کردنە زاراوەیەکی ئێرانی. بەڵام ئێستا بە وەدەستهاتنی بەڵگەنامە نووسراوەکانی مێژوویی لە ناوچەی ناوبراودا، پوچی و بێناوەرۆکیی ئەو ڕوانگەیە و پێچەوانەبوونی بەتەواوی دەرکەوتووە.

ئارتیکڵێک لە ساڵی ٢٠١٢ن لە زانکۆی ئۆکسفۆرد (University of Oxford) لەسەر بنەماڵەی زمانە هیندوئوڕووپاییەکان لەلایەن ٩ لێکۆڵەرەوەی زمانەوانی لە گۆڤاری زانستیی ساینس بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێ :

" دووڕوانگە لەسەر شوێنی سەرهەڵدانی زمانەکانی بنەماڵەی هیند و ئوڕووپایی لەگۆڕێدان. ڕوانگەی باو، ئەوشوێنە دەخاتە وڵاتی کۆنی پۆنتووس کە دەکاتە دەوری ٦٠٠٠ساڵ پێش ئێستا (باشووری دەریای ڕەش، ڕۆژهەڵاتی ڕووباری هالیس لە تورکیای ئەوڕۆ – باکووری کوردستان - وەرگێڕ) کە

ئەوڕۆ بە کزیملیک ناودەبرێ ... ڕوانگەیەکی جێگرەوەش بۆ ئەوەی سەرەوە دەڵێ، زمانەکان بەتەنینەوەی کشتوکاڵ لە ٨٠٠٠ تا ٩٥٠٠ ساڵ   ساڵ پێش ئێستا لە ئاناتولی ڕا بڵاوبوونەتەوە". (https://science.sciencemag.org/content/337/6097/957)

ئارتیکلێکی دیکە هەر لەسەر ئەوبابەتە لەلاین کۆمەڵێک لێکۆڵەرەوە لە ڕیۆژنامەی زانستیی ساینس  بڵاوبۆتەوە، کوە دەڵێ:

دووڕوانگەی ڕکەبەر بۆ ئاخێزگەی زمانە هیندوئوڕیووپاییەکان لەگۆڕێدا. ڕوانگەی باو لەدەورەوبەری ٦٠٠٠ساڵ پێش ئێستا و لەدەشتەهەراوەکانی پۆنتییە دادەنێ.  ڕوانگەی جێگرەوە پێیوایە ئەوزمانە لەنیوان ٨٠٠٠ – ٩٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا لە ئاناتولی ڕا بڵاوبۆتەوە. ئێمە هاوکات دەگەڵ (شیکاریی بایێزانی – شێوە شکارییەکی بیرکارییە تۆماس بایز Thomas Bayes ی ئینگلیسی ١٧٠١-١٧٦١ دایناوە) بەپێی بنەماڵەی جوغرافیایی (Bayesian phylogeographic)، لە زانیاریی وەدەستهاتووی بنەڕەتی لە  ١٠٣وشەنامەی زمانەگەلی هیندوئوڕووپاییی دێرین و نوێ، بۆ نموونەی بێئەملاوئەولای تەنینەوەی بنەماڵەکە و هەڵسەنگاندنی ئەو گریمانانە کەلک وەردەگرین. ئێمە پاڵپشتیکی حاشاهەڵنەگرمان بۆ سەرچاوەیەکی (ئاناتۆلی)، لەبەرانبەر سەرچاوەی پێشوو(ڕوانگەی٦٠٠٠ساڵ – نێوان کاسپین و دەریای ڕەش)دا بۆ ڕەگەزنامەکە، دۆزییەوە. هەردووک سەردەمی دیاریکراو بۆ شوێن و بنەمای ڕەگەزنامەی هیندوئوڕووپایی دەگەڵ دەستپێکی ٨٥٠٠-٩٥٠٠ساڵ پێش ئێستا دەگەڵ بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ لە ئاناتولی ڕا دەستیان پێکردووە. ئەو ئاکامانە ئەو دەورە کاریگەرانە بەرجەستە دەکەنەوە کە ئەو (شیکاریی بایێزانی)ە دەتوانێ لە چاوبری باس لەسەر پێش مێژووی مرۆڤایەتی بیگێڕێ.

https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC4112997/

بەپێی ئەو سەرچاوانە هەردووک شوێنی باس کراو، باکووری کوردستان دەگرنەوە و وەک مێژوو باسی دەکەن شوێنی ژیانی میتانییەکان بوون. ئوڕووپایی مێژووی شارستانیی‌یان بە ئی سەش هەزارساڵ پێش ئێستا لەقەڵەم دابوو، بناخەی بۆچوونی یەکەم، لەسەر بنەمایەکی کۆنەپەرستانەی ڕەگەزی و ئایینی دانرابوو، بەڵام بەو ئارتیکلانەی لەسەرەوە باسمان کردن و بە کۆڵینەوە و پشکنینی ئاسەواری  مێژوویی کوردستان، بەتایبەتیش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و ئەوساڵانەی سەدەی بیست و یەک، وەک ئەو نموونانەی لەخوارەوە دەیبینن، دەرکەوتووە کە دەستپێکی شارستانییەت لەوبەشەی جیهاندا تەنانەت کۆنترە لە ئی بۆچوونی دووهەمیش و لانیکەم دەکەوێتە پێش ١٢٥٠٠ساڵیش.

بەوەبەرچاوگرتنی ئەوئارتیکڵەو شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەودواییانە، کوردستان ئەگەریش لەدنیادا کۆنترین کانگای شارستانییەتی مرۆڤ نەبێ، لانیکەم لە ئاسیا و ئوڕووپادا ئەودەورەی گێڕاوە. هەردووک شوێنی جێگای باس لەمەڕ تەشەنەکردنی زمان وێرای کشتوکاڵ لە ڕۆژهەڵات ڕا بۆ ئوڕووپا و زۆر نیشانسەی دیکە، کە بێگومان شوێن و هۆکاری پێشکەوتنی مرۆڤایەتین و لە کوردستان هەڵکەوتوون و دەکری بڵێین کوردستان کۆنترین کانگای شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.




دەستەیەکی لێکۆڵەرەوە بەسەرپەرستیی Conrad Nicholas ی ئارکیۆلۆژیست لە ( Tübingen University)ی ئاڵمان لە ساڵی ٢٠٠٩ڕا لە ناوچەی ئیسلام ئابادی غەرب(شائابادی سەردەمی شا)  دەستیان بە لێکۆڵینەوەی زەویناسی کردووە و دەنکی دەخڵیان دیتۆتەوە کە ئی ١٢٠٠٠ساڵ پێش ئێستایە.  ئەو شوێنە لە نیزیک کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی  کوردستانە و لەسەر کەوانەی پڕپیت (fertile crescent) هەڵکەوتووە کە دەتوانم بڵێم وەک لەنەخشەکەدا دەیبینن. نیزیک بە هەمووی ئەوکەوانەیە ئێستاش هەر خاکی کوردستانە.

ئەو ئاسەوارە و دۆزرانەوەی شوێنەواری شارێکی ١٢٥٠٠ ساڵە لە گۆکلی تەپەی کوردستانی بەردەستی تورکیا نیشان دەدا کە شارستانیەت لە کوردستاندا زۆر پێشتر لەو تاریخەش دەستی پێکردووە. سەرنج دان بە وێنەی سەر کۆڵەکەو دیوارەکانی ئەو شارەکۆنە بەڵگەیەکی سەلمێنەرن بۆ ئەو ڕاستییە. شاری هەولێر بەپێشینەی ٨٠٠٠ساڵی و لە کوردستانی باشوور و زۆری دیکەی تەنانەت کۆنتر لەوەش لەباکووری کوردستان، کەهەر لە سەر کەوانەی پڕپیت هەڵکەوتوون، نیشانەیەکی دیکەی حاشا هەڵنەگری سەلماندنی ئەو ڕاستییەن.




شوێنەواری شارێکی ١٢٥٠٠ساڵە لە گۆکلی تەپەی کوردستانی باکوور

ئارتیکلێکی دێکە لە Mains Univeersity لەسەرخەڵکی زاگرۆس دەڵێ: زاگرۆس نشینان یەکەم کەس بوون کەکاری کشتوکاڵیان لەچاخی بەردینی یەکەمدا، لەو شوێنەدا کە ئێستا بە ئێران ناودەبرێ، کە کەوتۆتە بەشی ڕۆژئاوای کەوانەی پڕپیت(Fertile Crescent) دەست پێکرد. هەرچۆنیک بێ ئەو کۆمەڵگە کشتوکاڵییە پەوەندییەکیان نە بە باپیرانی یەکەم وەرزێرانی ئورووپاوە هەیە و نە بە باپیرانی ئورووپاییانی نوێوە. وەک ئەوەی لەنێو ئەو دانیشتووانەی چاخی بەردینی یەکەمی کێوەکانی زاگرۆسدا تا باپیرانی پێشکەوتووترین دانیشتووانی ئاسیای باشووردا بەدی دەکرێ. ئەوە ئاکامی لیکۆڵینەوەی دەستەیەک لێکۆڵەرەوەی نێونەتەوەیی (JGU)یە بەسەرپەرستیی ژۆهانس گووتێنبێرگ (Johannes Gutenberg)ی شارەزای پالئۆلۆژی کە لەسەربنەمای شیکاریی ژێنۆمی وەدەستهاتووە. سەرەنجام، وێکچوونەکانی کۆمەڵگای زاگرۆس نشینان لەگەڵ دانیشتووانی ئێستای پاکستان و ئەفغانستان، بەڵام بەتایبەتیش لەگەڵ زەردەشتییانی ئێرانیدا نیشاندان دەدا.

زیاتر لە دەهەزارساڵ پێش ئێستا نیشتەجێیانی وەرزێروئاژەڵدار، بۆیەکەم جار لە ناوچەیەکی نێوان باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاناتوولی، ئێران، عێراق و سووریە لە شوێنێک بەناوی کەوانەی پڕپیت دامەزران. گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی ڕاوچی و خواردەمەنی کۆکەرەوە ڕا بۆ ژیانێکی کشتوکاڵیی دامەزراو، وەک گۆڕانکارییەکی وەها بنەڕەتی لە شێوەی ژیانی مرۆڤ دا هاتەئەژمار، کە دەستەواژەی " چاخی بەردینی نوێ" ی بۆ دانرا. نیزیکەی دووهەزارساڵ دواترشێوەژیانی بەردینی نوێ لە ئورووپای باشوری ڕۆژئاوا و هەربەدوای ویشدا لە ئورووپای ناوەندی و ئورووپای مێدیتەرانەدا وەدیارکەوت.

ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریان خست کە وەرزێڕێرانی کێوەکانی زاگرۆس، نەک هەر باپیرانی یەکەم وەرزێڕانی ئورووپایی، بەڵکو تەنانەت ئی وەرزێرانی ئەوڕۆشی نین و ئەوە بوو بە مایەی سەرسووڕمانی زانایان. فەرناز برۆسکی، نووسەری سەرەکیی JGU دەڵێ"ئێمە زۆر سەرمان سووڕما بەو دۆزینەوانە". "هەر بەودواییانە، تیمەکەمان پێیزانی کە یەکەم وەرزێرانی ئورووپا، زنجیرەیەکی هاکا بێپسانەوەی باپیران، بەیەکەم نیشتەجێ بووانی ئاناتوولیای ڕۆژئاوی باکوورییان دەبەستێیتەوە. ئێستا وا دێتەبەرچاو، کە ئەو زنجیرە لە شوێنێک لە ئاناتوولیای ڕۆژهەڵات دا بزرکراوە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی لەودواییانەدا بڵاوکراوەتەوە، نیشتیەجێیانی چاخی بەردینی نوێ ئێژە، لە شوێنەکانی ئاقاری باکووری یۆنان و دەریای مەڕمەڕە ڕا، بەلای بالکاندا بۆ ئورووپای ناوەندی هاتوون. لەدەووروبەری هەمان کاتیشدا وەرزێڕیانی (پێش مێژوو) لە ناوچەی ئێژەڕا گەیشتوونە سەرتاسەری مێدیتەرانە. داگیرکەران، شێوەی ژیانی ئارام، شێوەگەلی کشتوکاڵ و ڕاگرتنی ئاژەڵی دەستەمۆ و ڕەعەمەلهێنانتی ڕووەکیان بۆ ئورووپا بەدیاری هێناوە.

هەنووکە دەبینین کە یەکێک لەکۆنترین فەهەنگەکانی جیهان، (باوەر Bauer) وەک نوێنەری درێژەی تەنیا دەستەیەکی ژێنێتیکی و بەس، کە پەیوەندیی هەیە بە ئاناتوولیای ڕۆژئاوا و ئورووپا، بەتەواوی وەلانراوە. پڕۆفسۆر دوکتۆر جواهیم بێرگێر(Prof. Dr. Joachim Burger)، نووسەری بەرپرسی ئەو لێکۆڵینەوەی، دەڵێ: "ئەوە سەرنج ڕاکێشە کە خەڵکێک وەها لەبواری ژێنێتیکیدا جیاواز - کە لەوانەیە وێک نەچووبن و زمانکی جیاوازیان هەبووبێ - پەرەیان بە ژیانێکی کشتوکاڵی و ئابووری دابێ یا پەسندیان کردبێ، لەو دووناوچەی لێک جیای ئاناتوولی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا". بە ئاماژە بەو ڕوانگەی کە دانیشتوانی زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس، زیاتر لە ٥٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا لە خەڵکی دیکەی ئووراسیا جیابوونەتەوە.

"Ex oriente lux" بۆ دۆزینەوە پالئۆژێنیتیکەکانی برگێر لەسەر بنەمای فەرهەنگ، نەک ئی ژێنێتیک دەکاردەکرێ. مەرجان مەشکوور دەڵێ:

"شێوەژیانی بەردینی نوێ لە کەوانەی بەپیت ڕا هەڵیدا، لەوانەیە چەند پێشهەنگاوێکی نێئۆلیتی لەوێڕا دەستیان پێکردبێ، بەڵام زۆرینەی ئێرانییانی سەرەتایی بەلای ڕۆژئاوادا ڕانەکێشران، وەک هێندێک کەس وای بۆدەچن". مەشکوور لەئێرانەوەدێ، وەک ئارکیۆزۆلۆژیست لە بەشی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ناوەندی ئاناتوولیا (CNRS) لەپاریس، ئەو وێڕای فەرەیدوون بیگلریی هاوسەری و بێرگێر لە مۆزەخانەی نەتەوەیی ئێران لێکۆڵینەوەی دەست پیکردووە.

کۆمەڵی نێئۆلیتیی کێوەکانی زاگرۆس، هەرچۆنێک بێ، بەرەو ڕۆژهەڵات بزووتن. زانایان لەسەر بناخەی شیکاریی ژێنۆمی دەریان خست کە ئەوخەڵکە گرنگترین باپیرانی ئاسیای باشوورییەکانن. ئەوڕۆ زۆرینەی بەشەکانی ژێنۆمی دەتوانرێ لە ئەفغانی و پاکستانییەکاندا بدۆزرێنەوە. وێچووترین بنەماکانی ژێنیتیکی ئێرانییان لە کێوەکانی زاگرۆس دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠٠٠ساڵ پێش ئێستا، کە ژێنی زەردەشتییەکانی ئەوڕۆیی ئێرانە. برۆشاکی پێیوایە: " لەوانەیە پاشان ئەو کۆمەڵە ئوولییە کەمتر تێکەڵاوی شەپۆلەکانی دوایی دامەزراوان بووبن، بۆیەش میراتی ژنێتیکییەکەیان زۆرترپارێزراوە"

لەسەریەک، گەلەک لێکۆڵینەوەی (ماینزی پالئۆژێنێتیک)، ئاماژە بە لانیکەم دوو دەستەی زۆر جیاوازدەکەن کە یەکەم وەرزێڕانی جیهانیان بەدی هێناوە. کۆمەڵی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی کەوانەی پڕپیت، باپیرانی پێشکوتووترین ئاسیاییە باشوورییەکان و وەرزێرانی ئێژەیین کە پاش نیزیکەی ٨٠٠٠ساڵ پێش ئێستا لە ئوەڕووپا نیشتەجێبوون. برگر ساسمۆرایزێس دەڵێ: "ناوچەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و زیندەماڵ بەگشتی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی بیرمان لێ دەکردەوە. لەجیاتی باسی ناوەندێکی تەنیای بەردینی نوێ، واباشترە بیرۆکەی ناوچەیەکی فێدرالی بەردینی نوێ دابهێنین"

ئەو ئارتیکڵە شتیکی دەکەشمان پێ دەسەلمێنێ، ئەویش بوونی زەردەشتییانە لە کیوەکانی زاگرۆسدا لەسەردەمانی زۆر کۆنتر لەوەی مێژوونوسە ئێرانییەکان باسی دەکەن و بەکۆچیان لەوێرا بۆ شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و خۆ پاراستنیان لە تێکەڵبوون لەگەڵ نا زەردەشتییان، بۆتە هۆی تێکەڵاویی کەمتری ژنێتیکی و ڕەسەنایەتییان. هەروەها وەک دەبینین دیسان نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردستان، هەلی بۆ ئێرانییە بەشدارەکانی ئەو ئارتیکڵە ڕەخساندووە، کە دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان بەناوی خۆیان تۆمارکەن و هیچ ئاماژەیەک بەبوونمانی تێدا نەکەن.

تێبینی:

١- پالئۆژێن واتە: خولی سێهەمی زەویناسی کە کێوەکان لەزەوی هەڵتۆقیون و لەنێو نیشتووەکانی ئەو خولەدا پاشماوەی بەبەردبووی زیندەوەرانی کۆنینە دەبیندرێن.

٢- ژێنۆمی واتە: هەموو ئەو کرۆمۆزۆمە جۆراوجۆرانەی لە ناوکی خانەکانانی چەشنێکی دیاریکراودا دەبینرێن.

٣- ئارکیۆزۆلۆژیست: هەڵسەنگێنەری زانستیی ماکە تیکچووەکانی وەدەستهاتوو لە گۆڕەپانەکانی کۆنینەناسی هەموو ئەوماکە چەندئەندامییانەی پاش مردن و لێک بڵاوبوونی جەستەی گیانلەبەران لەخاکدا ماونەوە.




٤- ئووراسیا(قوڕنەیەکە تێکەڵاو لە دوو قوڕنەی ئاسیا و ئوڕووپا، کە چونکە ئەودوو کیشوەرە سنوورێکی سروشتیی دیاریان نییە، ئەوناوەیان کەوتۆتەسەر. سنووری جیاکەرەوەی ئەودووانە لەسەردەمی کۆندا دەریاکانی ڕەش و مەڕەڕە و تەنگەبەرەکانیان بوون، بەڵام ئێستا زنجیرەکێوەکانی ئوورال و قەفقاز بە جیاکەرەوەی ئەودوو قوڕنەیە دادەنرێن.

سەرچاوە: www.uni-mainz.de/presse/75962.php (*Steinzeit-Genome aus dem Zagros-Gebirge zeigen)

بەو لێکۆڵینەوەو زانستییانەی لەسەرەوە باسمان کردن و بەوەندەی مێژووش نیشانی دەدا کە کۆنترین دەوڵەت و ئیمپەراتووریی ناوچەش، میتانییەکان، هووریيەکان، سۆمێرییەکان، مادەکان لەو ناوچەی سەریان هەڵداوە ئیتر پاساوێک بۆ ڕەگەزی ساختەی ئاریا و بەستنەوەی پێشکەوتنەکانی مێژوویی کوردستان بە کۆچی ئوڕووپاییيان هیچ پاساوێکی بۆ نامێنێتەوە. بەپێی زۆر بەڵگەی مێژوویی، بوونی ماد لە کوردستان زۆر پێش ئەوکۆچە سازکراوەی داهێنەرانی بیری "کۆچی ئاریاکان و ڕەگەزی ئاریا" سەلمێندراوە و پێش ئەو مێژوویەیە کە باسی هاتنی پارس و پارت بۆ ناوچەیە کەدەکا. لەدرێژەی باسی ڕوونکردنەوکانی مێژووی کورددا، دەچمەوەسەری.




چاوێک لە نەخشەی سترابۆن کەن، هیچ شوێنێکی بەناوی توورن تێدانییە، بەڵام وەک دەبینین لە نەخشەکەی ئینسایکلۆپیدیای بریتانیادا کە بە ئی ساسانییان نێودێر کراوە و لەخوارەوە دامان ناوە، توورانێکی ساختەش خراوەتە سەر نەخشەی وڵاتی مەکران یا مۆکران. نموونەی ئەو ساختەکارییانە لە مێژووە ئێرانییەکاندا زۆرن کە ڕەنگدانەوەی ساختەکارییە مەبەستدارەکانی توێژەرو لێکۆڵەروەوە و گەڕیدە و کەونارناسەکانی ئوڕووپایین. بێگومان ئەگەر لەو سەردەمەدا شوێنێک بەوناوە هەبا، سترابۆنی جوغرافی زان باسی دەکرد.



١- وڵاتی ساسانی لە نەخشەی ئینسایکلۆپیدیای بریتانیادا



٢- جێگای وڵاتی ساسانی لەسەر نەخشەی سترابۆن

سەرەرای هەمووی ئەوانەش، ڕوانگەی کۆلۆنیالی و دژەکوردی ئیمپریالیستەکان کە نەیهێشتووە هەرگیز وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کوردان سەربگرێ، بەهەزاران کیلۆمیتر دوور دەکەونەوە و دنیایەک پاساو و شێواندنی نەشیاو دادەتاشن کە لەجێگای کوردو ئوروپایی، بڵێن هیند و ئوڕووپایی.

هێرۆدۆت لە دووشوێنی کتێبەکەیدا لەنێو لەشکری خەشایارشادا، لەپەیوەندی لەگەڵ مادەکان، ناوی ئاریانەکان دێنێ:

١- لەلاپەڕە ٩٠٧ و ٩٠٨ دا دەڵێ: "میدیاکان، ئەوانیش خاوەنی هەمان چەشنە جلوبەرگ بوون، هەڵبەت بەشێوەی میدیایی نەک پارسی.... لەسەردەمی کۆندا ئەوانە بە ئاری ناسرابوونە، بەڵام کاتێک خاتوو میدیای کولخیدی لە ئاتێنەوە هاتە لای ئارییەکان، ناوی خۆیان گۆڕی"

٢- لەلاپەڕە ٩٠٩شدا دەڵێ: "ئاری یەکان خاوەنی کەوانی چەشنی میدیاکان بوون، بەڵام باقی چەکەکانیان شێوەی سیلاحی باکترییەکانی دەدا" بڕوانە: مێژووی هێرۆدۆت، وەرگێرلەیۆنانییەوە عەلی فەتحی.

لێرەدا وەک دەبینن سەرلێشێواوییەک یا بەهەڵە بۆچوونێک لەسەر ناوی ئاریا بۆ هێرۆدۆت هاتۆتەپێش. لە دەستەواژەی یەکەمدا دەڵێ خەڵک بەمادەکانیان کوتووە ئاریایی، بەڵام لە دەستەواژەی دوایی (ل٩٠٩)دا بەوشێوە باسی ئاریانەکان دەکا کە تەنیا کەوانەکانیان وەک ئی مادەکان بووە. ئەوە وادەنوێنێ کە ماد و ئاریانەکان جیاوازیی زۆریان هەبووە و ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەی سترابۆن، ئاریانا سەرزەمینێکە لە دراوسێیەتیی لای خوارەوەی ماد و لەتەنیشت پارس و کرمانیا و هیند و باکتریا. بەوپێیە نە پارسەکان و نە مادەکان ئاریایی بەواتای ڕەگەزی نەبوون و ئەوە بناخەی بیری سازکراوی ڕەگەزی ئاریا بەتەواوی هەڵدەتەکێنێ. وێدەچێ ئەو هەڵەی هێرۆدۆت لە ناوی ئووری یا هوورییەکان ڕا هاتبێ، کە بەمادیش ناوبراون، یا هەر وەک پێشتریش باسمان کرد و لەوەدا کەدەڵێ لەسەردەمی کۆندا ئەوانە بە ئاری ناسرابوون، وێدەچێ ئەوناوە بەهۆی ئایینی زەردەشتەوە کەوتبێتەسەریان، نەک سەرزەمین یا ڕەگەز. پێویستە بەوەندی جارێ ئەو بابەتە لێرەدا ببڕمەوە کە هێرۆدۆت هەر لەوبەشەدا بەهەڵە نەچووە یا باشتر بڵێم بەهەڵەنەبراوە، بابەتی ناڕاستی دیکەشی هەن کە لە باسی مادەکاندا دەچمەوسەریان.